# سزا وهەڕەشە لە پاژنە پێیەکان بە دۆزەخ، بەجوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرن

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گەڕاینەوە لە مەککەوە بەرەو مەدینە لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەتا گەیشتینە لای هەندێك ئاو لە ڕێگادا ؛ هەندێك خەڵك پەلەیان کرد بۆ ئەنجامدانی نوێژی عەسر، و بەپەلە دەستنوێژیان گرت، کاتێك گەیشتنیە لایان پاژنەی پێیان وشکی پێوە دیاربوو وئاو تەڕی نەکردبوو، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سزا وهەڕەشە لە پاژنە پێیەکان بە دۆزەخ، بەجوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرن».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مەککەوە بەرەو مەدینە سەفەری کرد وهاوەڵانی لەگەڵدا بوو، ولە ڕێگەیاندا هەندێك ئاویان -وەکو گۆمێکیان- بینی، هەندێك لە هاوەڵان دەستبەجێ پەلەیان کرد بۆ ئەنجامدانی نوێژی عەسر، بەڵام پاش دەستنوێژگرتنیان پاژنەی پێی هەندێکیان ئاوی پێنەگەیشتبوو و وشك دیاربوو، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: سزا وتیاچوون لەسەر ئەوانەی کەمتەرخەمن لە شۆردنی پاژنەی پێیان لەکاتی دەستنوێژگرتندا، وفەرمانی پێیان کرد زۆر بەجوانی وڕێکی وتەواوی دەستنوێژ بگرن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66392

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee